

# جەلالەدینی ڕۆمی

جەلالەدینی ڕۆمی لە ساڵی 1207 لە بەڵخ کە ئەمڕۆکە پێیدەڵێن ئەفغانستان لەدایکبووە. هەر بەمنداڵی لە بەر هێرشی مەغۆلەکان، خێزانەکەی بەڵخیان بەجێهێشت و لە شاری (قۆنیە)ی تورکیا نیشتەجێبون، کە ئەوکاتە پایتەختی ئیمپڕاتۆریەتی سەلجوقیەکان بوو. باوکی پیاوێکی ئاینی و مامۆستا بوو ، لە زانکۆی قونیە وانەی وتۆتەوە. جەلالەدین لە سەر دەستی باوکی بەهائەلدین هەر لە سەرەتاوە خوێندنی ڕۆحی وەرگرتوە و دواتر بۆتە شاگردی هاوڕێیەکی باوکی بەناوی بورهان ئەلدین بەڵخی. بورهانەدین کاتێك کە هەواڵی مردنی بەهائەدینی هاوڕێی بیست لە بەڵخ بوو، بۆیە بەپێویستی زانی بچێت بۆ قونیە تا پەروەردەکردنی کوڕی هاوڕێکەی بگرێتە ئەستۆ.

کاتێك گەیشتە قونیە، جەلالەدین تەمەنی بیست و چوار ساڵ بوو. بورهانەدین بۆ ماوەی نۆ ساڵ وانەی بە جەلالەدین وتەوە (ژیانی پەیامبەران). تەمەنی چل ساڵی بە گۆشەنشینی و ڕۆژوگرتن دەستپێکرد. لەم ماوەیەدا جەلالەدین بۆ ماوەی چوار ساڵ لە دیمەشق و هەندێك وڵاتی دیکە، کاتی لەگەڵ گەورەترین و بژاردەترین عەقڵە ئاینیەکاندا بەسەر بردووە. بەتێپەڕبوونی کات جەلالەدین لە هەردوو ڕوی زانست و عیرفانەوە گەشەیکرد.

لە کۆتاییدا بورهانەدین بۆیدەرکەوت، ئەرکی خۆی بەرامبەر بە جەلالەدین بەجێهێناوە و ویستی دواساتەکانی ژیانی لە گۆشەگیریدا بەسەر ببات، لەو بارەوە بە جەلالەدینی وت (کوڕم تۆ ئێستا ئامادەی، تۆ لە هیچ یەك لە بوارەکانی زانستدا هاوشانت نییە ـ تۆ ئێستا بویت بە شێری زانست. منیش شێری خۆمم و هیچ کاممان پێویستمان بەوی دی نییە، لەبەرئەوە ئەمەوێت بڕۆم. پاش ماوەیەك دۆستێکی گەورە دێت بۆ لات. لەگەڵ ئەو کەسەدا دەبنە ئاوێنەی یەکدی. هەروەك چۆن تۆ ئەو دەبەیت بەرەو جیهانی عیرفان، ئەویش بەهەمان شێوە تۆ دەبات، هەر یەك لە ئێوە دەبێتە تەواوکەری ئەوی دی. ئێوە دەبن بە گەورەترین هاوڕێ لە جیهاندا.

ئەمەش ئاماژەیەکە بە هاتنی شەمسی تەبرێزی کە گرنگترین ڕوداوە لە ژیانی جەلالەدیندا. لە تەمەنی 37 ساڵیدا مەولانا چاویکەوت بەشەمسی تەبرێزی و لەبارەی ئەو یەکتر بینینەوە نوسیویەتی: بەر لەو یەکتربینینە جەلالەدین لە تەسەوفدا مامۆستایەکی دیاربوو، بەڵام دوای ئەم یەکتربینینە بوو بە شاعیرێکی گەورە و شەیدایەکی گەورەی مرۆڤایەتی.

ئەیلول

شەمسەدین ئاگر و جەلالەدین ئەو کەسە بوو کە ئاگرەکەی گرت، پەیوەندی نێوان ئەم دوو کەسە کورت بووە، لەگەڵ ئەوەی کە هەر یەکەیان ئاوێنە بوون بۆ ئەویتر. شەمس بۆ دوو جار دیار نامێنێت. یەکەمجار لەلایەن کوڕێکی جەلالەدینەوە ئەدۆزرێتەوە لە دیمەشق. دوەمجار، دواجار بوو لەبەرئەوەی لەڕاستیدا بۆچونێك هەیە کە لەسەر دەستی شاگردەکانی جەلالەدین کوژار بێت، لەبەر ئەو کاریگەرییەی کە لەسەر جەلالەدین داینابوو.

جەلالەدین بەر لە چاوکەوتنی بە شەمسی تەبریزی پیاوی زانست بوو ، بەڵام دوای ئەو دیدارە توانی پێشبینی مامۆستاکەی بهێنێتەدی، بەوەی کە بووە ئەو کەسەی کە (ژیانێکی نوێ دەبەخشێت بە مرۆڤ کە بریتیە لە توانەوەی بێکۆتا لەناو خواوەند و مرۆڤی مردو ئەگەڕێنێتەوە بۆناو ژیان، لە ڕێگەی مانا و خۆشەویستییەوە».

دوای تێپەڕبونی زیاتر لە بیست ساڵ لە بینینی شەمسەدین، جەلالەدین توانی کۆمەڵە شیعرێك بنوسێت، کە دواتر لە بەرگێکی گەورەدا کۆکرایەوە و لە ژێر ناونیشانی (دیوانی گەورە).

لەوکاتەدا پەیوەندییەکی ڕۆحی لەنێوان یەکێك لە شاگردەکانی دروستدەبێت بەناوی حیسامەدین، لەیەکێك لە ڕۆژەکان کاتێك کە پیاسەیان ئەکرد لەیەکێك لە ڕەزەکانی ترێدا لە قونیە، حیسامەدین بیرۆکەیەکی بۆ جەلالەدین خستەڕو لەسەر ئەوەی کە «ئەگەر بتوانێت کتێبێك بنوسیت، وەك کتێبەکەی نامەکانی خواوەندی سەنایی، یان لۆژیکی باڵندەی عەتار، ئەوکاتە ئەتوانێت ببێتە هاوەڵی زۆرێك لە قەرەجییە کۆچەرەکان، هەروەها دەتوانێت دڵیان پڕبکات لە شیعر و مۆسیقا. لەوکاتەدا جەلالەدین کڵاوەکەی لابرد و پارچەیەك کاغەزی دەرهێنا کە 18 کۆپلەی شیعری مەسنەوی لەسەر نوسرابوو، بەوە دەستی پێئەکرد :

**گوێ بگرە لە نەی کە چۆن داستانی خۆی ئەگێڕێتەوە**
**چۆن گلەیی ئەکات لە جودابییەکان ...**

حیسامەدین لە خۆشیدا دەستیکرد بە گریان و داوایکرد لە جەلالەدین کە زیاتر بنوسێت ، ئەویش لەوەڵامدا وتی ئەگەر بەردەوام بیت لەسەر نوسین بۆ من، ئەوا منیش بەردەوام دەبم لەسەر نوسین. بەمشێوەیە مەولانا لە تەمەنی پەنجا ساڵیدا دەستیکرد بە نوسینەوەی ئەم کارە گەورەیە، حیسامەدین بەمشێوەیە لەبارەی ئەو ڕوداوە دەنوسێت : «جەلالەدین هیچکات خۆی قەڵەمی بە دەستەوە نەدەگرت بۆ نوسین، کاتێکیش کە دەستی دەکرد بە نوسینەوەی مەسنەوییەکە، حەزیکرد کەسێك لە خوێندنگە، یاخود لە گۆڕەپانەکانی قونیە، یان لە ناو ڕەزەکاندا بۆی بنوسێتەوە، من ئەوەی کە ئەو پێیدەوتم دەمنوسیەوە، بەڵام نەمدەتوانی پێی بگەمەوە لەبەرئەوەی زۆرجار نوسین بۆ چەند شەو و ڕۆژێك بەردەوام دەبو و هەندێکجاریش بۆ چەند مانگێك هیچی پێنەدەوتم کە بینوسم. جارێك بۆ ماوەی دو ساڵ لە نوسین وەستاین. هەرکاتێکیش بەشێك تەواو بوایە من بۆم دەخوێندەوە، تا هەڵەکان چاك بکات. مەسنەوی بەگەورەترین کار دادەنرێت، کە مرۆڤ توانیبێتی بینوسێت. ناوەڕۆکەکەی هەموو لایەنەکانی ژیان لەخۆدەگرێت، لە تەواوی چالاکییەکانی مرۆڤ، ئایین، کلتور، سیاسەت، خێزان و سێکس. لەبارەی کەسایەتی مرۆڤەوە نوسیوێتی، لە کەسێکی وێڵگەردەوە تا مرۆڤێکی دەستەبژێر، هەروەها زۆر بە وردی باس لە جیهانی سروشتی و مێژو و جوگرافیا دەکات، هەروەها ئەو نوێنەری ڕەهەندی ستونی ژیان دەکات بەرەو بەرزترین ئاست لە میتافیزیك و ئیستاتیکا لە ژیانێکی پڕ لە دوبارە بوونەوە. مەولانا جەلالەدین ڕۆمی لە 17 کانونی یەکەمی 1273 کۆچی دوایی کرد، لە شەوێکدا کە پێنج کەسی دیکەشی لەگەڵدا بوو. ئەو شەوە ناونرا شەوی یەکبوون و لەوکاتەوە دەروێشەکانی مەولەوی ساڵانە بە خوێندنەوەی مەسنەوی، یادی ئەو شەوە دەکەنەوە.